جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئایا پلەوپایەی ئەهلی بەدر چۆنە لە لای ئێوە؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لە باشترینی مسوڵمانانن

لە ریفاعەی کوڕی ڕافیعی زورقیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «ئایا پلەوپایەی ئەهلی بەدر* چۆنە لە لای ئێوە؟» ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «لە باشترینی مسوڵمانانن» یان شتێکی هاوشێوەی ئەمە ووت، جبریل فەرمووی: «بەهەمان شێوە ئەو فریشتانەش کە بەشداری (جەنگی) بەدریان کرد». *(ئەهلی بەدر: واتە هاوەڵانەی بەشداری جەنگی بەدریان کردووە)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئایا پلەوپایەی ئەوانەی لە جەنگی بەدردا شەهید بوون چۆنە لە لای ئێوە؟، خوای گەورە پێغەمبەرەکەی وئیماندارانی سەرخست لەو جەنگەدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: لە باشترینی مسوڵمانانن لە لای ئێمە، جبریل وەڵامی دایەوە وفەرمووی: بەهەمان شێوە ئەو فریشتانەش کە ئامادەبوون وبەشداری (جەنگی) بەدریان کرد.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4925